# دەستوری بێمافی و ئیلحاق و هەڵاواردن

## رەخنەیەك لە "رەشنوسی دەستوری هەرێم"

نووسینی: فاتح شێخ و رێبوار ئەحمەد

-3-

دەستوور و مێژوو (2)

---

### دیباجە و مێژووی پاش 1991

لە پێشەکی ئەم بەشەدا پێویستە پەنجە بۆ ئەوە راکێشین کە دوای چەند مانگ لە خستنەرووی ئەم رەشنوسی دەستورە کە گوایە بۆ لیدوان و رادەربرین و پاشان پەسەند کردنیتی لە ریفراندۆمدا، وا دیتە بەرچاو کە گەردەلولی ئالوگۆرەکانی ئەم دواییەو راپۆرتی بیکەر- هاملتۆن، چارەنوسی ئەم رەشنوسەیان بە نادیاری سپاردبیت. ئیستا مەسەلە هەر ئەوە نیە کە ریفراندۆمی جیگا مەبەستی ئەحزابی ناسیونالیست بێ ئاشکراکردنی هیچ بەلگەو هیچ روونکردنەوەیەك، بە دوو رستە پینج مانگ خرایە دواوە، بەلکو پیدەچیت بە گشتی باسی دەستور چوبیتە پەراویزەوەو تەنانەت قسەیەکی ئەوتۆی لەسەر ناکریت. دیارە رەوتی رووداوەکان و هەلومەرجیك کە ئەحزابی ناسیونالیست هەمیشە بە چاوی داخراوەوە خۆیان داوەتە دەم شەپۆلەکانیەوە بۆ ئەوەی لە جیگایەك لەنگەریان پی بگریت، چارەنوسی ئەم دەستورە دیاری دەکات. بەلام سەرباری ئەم پەراویز کەوتنەی مەسەلەی دەستورە، ئیمە لە کۆل ئەم بەلگەنامەیە نابینەوە کە ناسیونالیزمی کورد خستویەتیەروو. چونکە بەدەر لەوەی ئەم بەلگەنامەیە وەکو دەستور بە جیگایەك دەگات یان نا، گەلیك لە روانگەکانی ناسیونالیزمی کورد بۆ مەسەلە گرنگەکان و ناوەرۆکی بەرنامە عەمەلی ئەم بزووتنەوەیەی بەیان کردووە. ئیمە دەمانەوێ رەخنەی ئەم بەلگەنامەیە بکەین بە دەروازەیەك بۆ رەخنەگرتن و پەردەهەلمالین لەسەر ماهیەت و ناوەرۆکی ئەم بزووتنەوەیە. هاوکات ئیمە دەمانەوێ لە بەرامبەر ئەو رەخنە لاوەکی و ناقس و ناتەواوانەی کە لەم رەشنوسی دەستورە یان لە هەندیك بەش و لایەنی گیراوە، نیشانیبدەین سەرتاپای ئەم بەلگەنامەیە جیگای رەخنەی ئیمە، نیشانیبدەین کە ئەم بەلگەنامەیە چاکسازی هەلناگریت و تەنها بۆ وەلانان باشە. بەم پیشەکیەوە دریژە بە باسی رەخنەگرتن لە دیباجە دەدەین وەکو بەشیکی زۆر بنەرەتی لەم رەشنوسەو هەولدەدەین لەم بەشی سێیەمەدا رەخنە لە دیباجە تەواو بکەین و پاشان لە بەشەکاتی تردا دەچینە سەر ناوەرۆکی رەشنوسەکە.

### ١- دێباجە و خالی وەرچەرخانی 1991

لە سەرتاخواری دێباجەی دەستووری هەرێم (کە هەوڵێکە بۆ ئاوەژوو کردنەوەی مێژووی کێشەی کورد) یەك جاریش ناو لە "ئەمپریالیزم" و دەوڵەتە گەورەکان نەبراوە. لەحاڵێکدا سەرتاسەری سەدەی رابردوو، لەپێش جەنگی جیهانی یەکەمەوە هەتا ئێستا، سەدەی دەسەڵاتی ملهورانە و شەرەنگێزانەی "ئەمپریالیزم" و دەوڵەتە گەورەکان بووە دژ بە هەر جموجوڵێکی ئازادیخواز و پێشکەوتنخواز و سەربەخۆییخواز لە پانتایی جیهاندا. لەسەر کێشەی کوردیش بۆ هەموان روونە کە دەوڵەتە ئەمپریالیستەکان بەردەوام لەو حکومەتە

سەرەڕۆ مەرکەزییانە پشتیوانیان کردووە کە بەرپرسی سەرەکی و ڕاستەوخۆی پێکهاتن ودرێژە کێشان و چارەسەر نەکرانی کێشەی کورد بوون. دووکەڵی کۆنەپەرستی سیاسی ئەمپریالیزم لەم سەدەیەدا لە زۆر لاوە بە چاوی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لەوانیش خەڵکی ناوچە کوردنشینەکاندا چووە و ئاسەواری لە زیانی چارەسەری عادیلانە و هاوچەرخانەی کێشەی کوردیش ئاشکرا بووە. ئەی بۆ دێباجە ئاوا بە زەقی چاوی لە ئاست ئەم ڕاستیە نووقاندووە؟ وەلام لە نوقتە وەرچەرخانی ساڵی 1991دایە کە لە ئاڵوگۆڕێکی جیهانی و ناوچەییدا ناسیۆنالیزمی کورد چارەنووسی سیاسی خۆی بەتەواوی لەگەل سیاسەتی گەورەترین دەوڵەتی ئەمپریالی سەردەم گرێ داوە و بەمجۆرە حەیاتی سیاسی ناسیۆنالیزمی کورد و مەوقیعیەتی لە ژیۆپۆلیتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ قۆناغێکی نوێ گوازراوەتەوە.

نووسەرانی دێباجە لە دەریچەی ئەم قۆناغە نوێیەوە چاویان لە مێژووی کۆنتریش کردوە. لە ڕوانگەی ناسیۆنالیزمی کورد و دوو حیزبەکەیەوە، "ئەمپریالیزم" و دەوڵەتە گەورەکان چیتر وەك "دوژمنی گەلان" بەگشتی و "دوژمنی گەلی کورد" بەتایبەتی، حیسابیان بۆ ناکرێ، بەڵکوو لەناکاو گۆڕاون بە پارێزگاری دێموکراسی و پاڵپشتی "بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد"! ئەمەش بەهۆی شەری 1991ی خەلیجەوە کە ئەمریکا بەبیانووی داگیرکردنی کویت بەدەست ڕژیمی عێراق، بەرپای کرد. شەری خەلیج بەلام نە بۆ پارێزگاری لە دێموکراسی بوو نە لەبەر چاوی ڕەشی خەڵکی کویت و خەڵکی کوردستان بوو و نە تەنانەت بۆ کزکردن و ڕووخاندنی ڕژیمی بەعس بوو. ئەو شەرە نمایشێکی ئاشکرای ملهوری میلیتاریستی ئەمریکا بوو بە بیانوویەك کە دەستی کەوتبوو، بۆ ئەوەی لە بۆشایی پاش ڕووخانی سۆڤیەت و نەمانی دونیای دووقوتبیدا، خۆی وەك زلهێزی ژمارە یەك بەسەر جیهاندا بسەپێنێ و "نەزمی نوێی جیهانی" خۆی دامەزرێنێ. ئێستا کە نزیك بە چوار ساڵ لە شەری دووەمی ئەمریکا لە دژی عیراق و داگیرکاری تێپەریوە، ئیتر نیشاندانو سەلماندنی مەبەستی ملهورانەی ئەمریکا لەم دوو شەرە هاوئامانجە پێویست بە بەڵگە هێنانەوە ناکات.

کاراکتەری سەرەکی مەوقیعیەتی ناسیۆنالیزمی کورد لە قۆناغی پاش ساڵی 1991 دا، گرێدراوی یەکلایەنەیەتی بە ستراتێژی میلیتاریستی ئەمریکاوە لە عێراق، بەبێ ئەوەی لە لایەنی بەرانبەرەوە هیچ گفت و گەرەنتیەك بۆ چارەسەر کردنی کێشەی سیاسی کورد بدرێ کە بە درێژایی مێژوویەکی دەیانساڵەی کوشتار و ماڵوێرانی زۆر و زەبەند، هێشتاش لەسەر دەستی ئەمپریالیزم و دەوڵەتە گەورەکان بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە.

دێباجە لە هەوڵی خۆیدا بۆ ئاوەژوو نواندنی مێژوو، بەسەر شەری 1991ی خەلیجدا باز دەدا و یەکسەر مێژووی پێش ئەو شەرە دەلکێنێ بە ڕاپەرینی بەهاری 1991و کۆرەوی میلیۆنی دوای ڕاپەرینەوە کە بە وتەی دێباجە "ویژدانی جیهانی هەژاند". ئەوە ڕاستە کە ئەو ئاوارەییو کۆرەوە گەورەیە ویژدانی جیهانی هەژاند، بەلام دێباجە تەبعەن خۆ لەوە نادا کە سەرکردایەتی ناسیۆنالیزمی کورد لە کاتێکی وا ناسك و هەلێکی وا لەباردا نەچوون پشت بەو ویژدانی جیهانییە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی سیاسی کورد ببەستن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە پشتیان بەو هێزە ئەمپریالیانە بەست کە پێشێل کردنی ویژدانی جیهانی پیشەی هەمیشەییان بووە. دێباجە هەروەها چاوی لەو ڕاستیە زەقە مێژووییە نووقاندووە کە لەحاڵێکدا ڕۆژانی دوای کۆرەوەکە سەدام حسێن لای ویژدانی جیهانی و بیرورای گشتی یەکێك لە بێزراوترین دەمووچاوەکان بوو، سەرکردەکان چوونە بەغدا و سەدامیان بە پێش چاوی هەموو دنیاوە لە باوەش گرت. ئەمەش نەك هەر دوای کۆرەوەکە، بەلکوو با لەبیر نەچێ کە دوای کارەساتە گەورەکانی ئەنفال و هەلەبجەش بوو! بۆچی وایان کرد؟ چونکە ئەمریکا ئەوکات لەسەر ڕووخانی سەدام ساغ نەبوو!

بەلام ئەوەی کە ئاوارەیی ملیونیو کۆرەوی خەلکی کوردستان ویژدانی جیهانی هەژاند، تەنها لایەنیکی مەسەلەکەیە، ئەو کۆرەوە دەبی لە زۆر لایەنی تریشەوە سەرنجی بدریت کە دیباجە خۆی لی لاداوە. لە ڕاستیدا ئەو کۆرەوە کە بۆ ناسیونالیزمی کورد وەك هەلو دەرفەتیکی

زێڕین بۆ ساتو سەودا بە مەسەلەی کوردەوە چاوی لیکراو بە کردەوەش هەروا مامەلەی لەگەل کرا، بۆ جەماوەری خەلکی کوردستان کە بەریزی ملیۆنی و بە پیر و لاو و مندالەوە لە ژیر لیزمەی باران و سەرماوسۆلەدا، ئاوارەی شاخ و کیوەکان بوون و بە هەزارانیان لە سەختترین هەلومەرجدا ژیانیان لە دەستدا، یەکیك بوو لە کارەساتە گەورەکانی میژووی ژیانی ئەم خەلکە ستەمدیدەیە. ئەوەی بە کۆرەو ناودەبریت، وا نەبوو کە خەلکی کوردستان لە ئەنجامی نەخشە و سیاسەتیکی بەرنامە بۆ داریژراوەوە و بە ئیرادەی خۆیان دەستیان بۆی بردبیت، بەلکو ئاوارەییو دەربەدەریەکی گەورەبوو کە دوای ئاگربەستی نیوان دەولەتی ئەمریکا و رژیمی بەعسو بە خۆداهاتنەوەی ئەو رژیمە فاشیستە، ئەم خەلکە لە ترسی تۆلەسەندنەوەی راپەرینی ئازار لەلایەن رژیمەوە، بەسەریاندا فەرزکرا. ئەو رۆژگارە ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی بەبێ نیشاندانی هیچ مسئولیەتیك خەلکیان بەجێ هیشت.

ئاوارەیی 1991ی خەلکی کوردستان کارەساتیکی گەورە و کەم وینە بوو بۆ خەلکی کوردستان، بەلام پیویستە ئەوەش لە میژوودا تۆمار بکرێ کە ئەم کارەساتەی دواتر بوو بە مایەی ساتو سەودای ئەحزابی ناسیونالیستی کورد، بەرهەمو ئاکامی چ سیاسەتیك بوو؟ پیشتر باسمان کرد کە جەنگی 1991ی ئەمریکا دژی عیراق لە پیناو مەرامە کۆنەپەرستانەکانی خۆیدا بوو. ئەحزابی ناسیونالیستی کورد، بە پیچەوانەی بەشەریەتی ئازادیخواز و هیز و بزووتنەوە پیشکەوتنخوازەکانی جیهانەوە، ستراتیژی خۆیان لەگەل نەخشە و مەرامە کۆنەپەرستانەکانی ئەمریکادا گرێ دا. لە کاتیکدا دنیا نەفرەتی لە سیاسەتی شەرخوازانەی ئەمریکا کرد، ناسیونالیستە کوردەکان بە پیی نەریتو فەرهەنگی خۆیان نازناوی "حاجی"یان بۆ جۆرج بوشی باوك داتاشی و خەلکیان دەهینایە سەر شەقامەکان تا هەلهەلە لیدەن بۆ ئەو فرۆکانەی کۆمەلگای عیراقیان بۆردومان دەکرد. ئەمە لە کاتیکدا بوو کە هیچ گفتیکی جدیو رۆشنیان لە ئەمریکاو جۆرج بوشی باوك وەرنەگرتبوو. لە ئاکامی ئەم خۆ گریدانەدا، دوای تەواو بوونی جەنگ و ئاگربەستی ئەمریکا لەگەڵ رژیمی صدام، ئینجا خەلکی کوردستان کەوتنە بەر هەرەشەی تۆلەسەندنەوەی ئەو رژیمە هارە و بە لیشاو کوشتارکران و بە ریزی ملیونیش ئاوارە و دەربەدەر بوون. ناسیونالیستەکانیش دووبارە کەوتنەوە لیدانی قەوانی سواوی "ئەمریکا خیانەتی لیکردین"!! بەلام دوای ئەم "خیانەت"ەش دیسانەوە لە قۆناغی دواتردا بونەوە بە مەقاشی دەستی ئەمریکا بۆ بردنەپیشی سیاسەتەکانی. لە شانزە سالی رابردودا بە ووتەی خۆیان ئەوان سەربازی بەخۆرایی ئەمریکا بوون. بەتایبەتی لەشەری دووەمی ئەمریکا دژی عیراق هەموو پرەنسیپیکیان خستە ژیرپیوە و چونە ژیر فەرمانی فەرماندە سەربازیەکانی ئەمریکاوە. کەچی ئیستا دوای شکستی ستراتیژی ئەمریکا لە عیراقو هاتنەگۆڕێی راپۆرتی بیکەر-هاملتۆن، بە هەزارو یەك زمان ئەوە دەگەیەنن کە گوایە دیسانەوە فریودراونو "ئەمریکا خیانەتی لیکردون".

ئەم فەکتە میژووییانە لە کورتە میژووی دیباجەدا ونن نەك لەبەرئەوەی فەکتی چکۆلەن بەلکوو چونکە فەکتی بە ئەنقەست وەلانراونو ووتنەوە و بەرجەستە کردنیان لەگەل بەرژەوەندی ناسیونالیزمی کورددا نایەتەوە!

## ٢- "پەرلەمان" و فیدرالی لە میژووی دیباجەدا

لە میژووی پاش 1991دا دیباجە زۆر بەپەلە دەچیتە سەر پەرلەمان و یەکەم حکوومەت و دواتریش جاری پەرلەمان بۆ فیدرالی! باسی فیدرالی با بۆ دواتر بمینێ. یەکەم پرسیاری ئەم بەشە ئەوەیە باشە مادام هەلبژاردن و پەرلەمان و حکوومەتی سالی 1992 بۆ کورتە میژووی دیباجە ئەوەندە دەسکەوتی گرنگن، ئەی بۆچی ئەو کەسانەی رۆژگاریك ئەو دەسکەوتە گرنگانەیان خستە ژیر پێ و تیکیان شکاندن لە میژووی دیباجە دا بە ئیشارەیەکیش بووە هیچ حیسابیکی نیگەتیڤیان بۆ ناکرێ؟ بۆچی خەلکانیکی زۆر لەسەر مخالەفەتی سیاسی لەگەل ئەو حکومەت و پەرلەمانە دوچاری جۆرەها شیوەی سەرکوتو تیرۆر بونەتەوە، بەلام خودی ئەحزابی ناسیونالیست کە لە یادی یەکسالەی

پیکهاتنی پەرلەماندا، تۆزی حکومەتو پەرلەمانیان بەبادا، بۆ دیباجەی ئەم ڕەشنوسە، بە هیچ جۆریك جیگای باس نیە؟ خەڵکی کوردستان، "بۆ مێژووش بێ"، نابێ بهێڵن ڕووداوە تاڵەکانی شەری ناوخۆیی و گشت تاوانەکانی و 31ی ئاب و پیشلەشکری بۆ سوپای پاسداران‌و سوپای تورکیاو گاردی کۆماری بەعس‌و هینانیان بۆسەر خەلکی کوردستان و گشت ئاسەوارەکانی مێژووی ئەم قۆناغەی بزووتنەوەی کوردایەتی بسرێنەوە. تا ئیستاش چارەنوسی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە بیسەروشوینکراوەکانی شەری ناوخۆ بە نادیاری ماوەتەوە و دوو لایەنی شەرکەر ئامادە نین خانەوادە و کەس و کاریان لە چارەنوسیان دلنیا بکەنەوە. دەبێ نووسەرانی دێباجە بزان کە لە ڕوانگەی خەڵکەوە مێژووی هاوچەرخی کوردستان و عیراق لە شەری بەهاری 2003ی ئەمریکاوە دەس پێ ناکا!

- جاڕی یەکلایەنەی پەرلەمانی کوردستان بۆ فیدراڵی برگەیەکی تری مێژووی پاش 1991ـە کە دێباجە بەتایبەتی بەرجەستەی دەکاتەوە بۆ ئەوەی بیکاتە ئاڵقەی پەیوند لە نێوان مێژووی پێش شەری ناوخۆیی و پاش شەری بەهاری 2003ی ئەمریکادا. بەڵام لێرەشدا پرسیارێك دێتە بەر زەین کە بۆچی پەرلەمان لە ساڵی 1992دا جاڕی بۆ فیدراڵی داوە لەحاڵێکدا هەموو عەقلێك لەو سەردەمەدا دەیزانی کە ئەو جاڕە بەبێ ڕووخانی ڕژێمی بەعس، بە هیچ کوێ ناگات و لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە، کەوابوو بۆچی پەرلەمان جاڕی بۆ سەربەخۆیی (وەلەو لە فۆرمی کاتیدا) نەدا؟ بۆچی ڕاینەگەیاند کە ماڧی بێ ئەملاوئەولای خەڵکی کوردستانە سەربەخۆ بن لە ڕژێمی بەعس، بۆیە هەتا ڕووخانی ڕژێمی بەعس ئێمە لە کوردستان حکوومەتی سەربەخۆمان دەبێ و هەرکات بەعس ڕووخا و ڕژێمێکی وا هاتە سەر حوکم کە پێکەوە ژیانی یەکسانی دانیشتوانی کوردستان لەگەڵ باقی دانیشتوانی عیراق رابگەیەنێ و گەرەنتی بکا ئەوکات دەکرێ چاو بەم قەرارەدا بخشێنینەوە؟ ئایا نەدەکرا پەرلەمان جاڕێکی وا دەر بکا و بیشیخاتە بەردەم ڕێفراندۆمی خەڵکەوە و بە دەنگی کۆمەڵانی ملیۆنی خەڵك پشت ئەستووری بکا؟ بۆچی پەرلەمانی کوردستان ساڵی 1992وای نەکرد؟ وەڵام ئەوەیە: چونکە ئەمریکا نەیدەویست. بەڵام ئایا ویژدانی جیهانی و تەنانەت بەشێك لە دەوڵەتە ئەورووپییەکان پشتیوانییان نەدەکرد؟ بۆچی هەوڵێك بۆ تاقیکردنەوەیان نەدرا؟ پێویستە ئەم پرسیارانە بکرێن. ئەمانە پرسیاری واقیعین و وەڵامیان دەوێ. بەڵام وەڵام لە لای نووسەران و پێشکەشکەرانی ڕەشنووسی دەستووری هەرێم دەس ناکەون. سەرلێشێواوی سەرکردایەتی سیاسی هەرێم بەرانبەر بە ڕاپۆرتی بەیکر- هەمیلتۆن نیشانی دەدا کە لانی کەم لە هەلومەرجی حازردا هیچ وەڵامێکی حازریان پێ نیە.

لەم 16 ساڵەدا ئەحزابی ناسیونالیستی کورد، نەك هەر هیچکات جەسارەتو کارامەیی ئەوەیان نیشان نەداوە کە هەنگاوێك هەلگرن بۆ کەلك وەرگرتن لەم هەل‌ومەرجە و لە جیایی بە ئەمری واقیعی کوردستان لە عیراق، بەلکو خۆیان لە هەموو کەس زیاتر بوون بە بەرجەستەکەری ئەوەی کە جیابونەوە و سەربەخۆیی ناکرێ‌و نابێ‌و ریگاچارەی واقعی نیە و قبول ناکرێ. لەم 16 ساڵەدا خەلکی کوردستان تا جاریك لە دوژمنان و ناحەزانیان بیستبێ کە نابێ باسی سەربەخۆیی کوردستان بکرێ، دە جار لەسەرانی ناسیونالیزمی کورد ئەم قسە و تەنانەت هەرەشەیەیان بیستووە. یەکێك لە هۆیە سەرەکیەکانی پەلاماردانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بە پێی بەلگەنامە نوسراوەکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان، داوا کردنی سەربەخۆیی کوردستان بوو لەلایەن ئەم حیزبەوە. بە دریژایی ئەم چەند ساڵە خۆیان بە نرخی ڕۆژ ئیدارەی کوردستانیان کرد و بە دیار ڕەوتی ڕووداوەکان‌و ریکەوتی میژووەوە چاوەروان مانەوە و چارەنوسی کوردستانیشیان بە هەلواسراوی ڕاگرت. بۆیە لەم چەند ساڵەدا چەند جار کوردستان تا لیواری خەتەری گەورە خزاوە و دواتر بە ریکەوتو بە هۆی کۆمەلیك ڕووداوی ناوچەیی‌و جیهانیەوە هەل‌ومەرج گۆراوە و ئەو خەتەرەی دوور خستوەتەوە بەبێ ئەوەی هیچ کارامەییەکی سەرکردایەتی ناسیونالیزمی کوردی تیا بووبێ. ئیستاش وا دیسان ڕاپۆرتی بیکەر-هاملتۆن داهاتوی ئەم کۆمەلگایەی لەبەردەم چارەنوسیکی نادیاردا ڕاگرتوە. سەرکردایەتی ناسیونالیزمی کوردیش هیچ نەخشە و سیاسەتیکی جدی نیە بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەگەرەکان، تەنها دەیەوێ بە

نیشاندانی ملدانەواندنی زیاتر بۆ ڕەوتی ڕووداوەکان و سیاسەتەکانی ئەمریکا، دەست بۆ ئیمتیازاتیك بگرێتەوە. داخوا شتیك دەکەویتە ناو دەستیانەوە یان نا؟ ئەوەیان ئیتر بەختی خۆیان نەك لێزانیان، دەیبریتەوە.

## ٣- مێژووی دێباجە و شەڕی 2003ی ئەمریکا

دێباجە لە مێژووی خۆیدا وەك چۆن شەری ناوخۆیی و زۆر فەکتی گرنگی وەلا ناوە، شەری 2003ی ئەمریکا لە دژی عێراقیشی بە نووکە قەڵەمێك سووك و ئاسان دەرهاوێشتووە! دێباجە دەنووسێ: "کاتێ عێراق ئازاد کرا ..."، ئیتر خۆ لەوە نادا کە چی لەم چەن ساڵەدا قەوماوە. بۆ دێباجە وادیارە هەر ئەوە گرنگە کە "دەستووری فیدراڵی" لە لایەن حکوومەتی کاتی پاش "ئازاد کران"ی عێراقەوە دانراوە و لە 15ی ئۆکتۆبەری 2005 لە ڕێفراندۆمدا دەنگی پێ دراوە! پێشتر وتمان کە دێباجە لە هەموو مێژووی عێراق و حکوومەتەکانی، هەر تەنیا باسی "دەستوور"ەکانیان دەکا و تاقە ئیشارەتێك بە چۆنیەتی ئەو حکوومەتانە و مەیل و بۆچوونەکانیان ناکا. بۆ "دەستووری فیدراڵی" ئێستاش خۆی لەوە نادا کە حکوومەتی جەعفەری و مالیکی چ جۆرە حکوومەتێکە و ئەسڵەن حکوومەتە یان تێکەوڵێکەیەکی ئیسلامی- قەومی دەستە و دایرەی میلیشیاکان و دز و جەردەکانە کە ناوی حکوومەتی لێنراوە! دێباجە و مێژوولکەکەی کاریان بەوە نیە کە "دەستووری فیدراڵی" ئەم حکوومەتە هەر بە قەدەر خودی حکوومەتەکە ئیعتیبار و شەرعیەتی هەیە.

مێژووی دێباجە هەمدیسان خەت بەسەر چەن ڕووداوی مێژوویی گەورەدا دەکێشێ کە پێویستە لێرە بنووسرێنەوە و خەت بەژێریاندا بکێشرێ:

یەکەم، پشتیوانی بێئەملاولای هەر دوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان لە شەر و لەشکرکێشی ئەمریکا، سەرەرای موخالەفەتی توندی ئەنجومەنی ئاسایش و سەرەرای نارەزایی دەربرینی ویژدانی جیهانی کە لە گەورەترین تەزاهوراتی مێژووی بەشەر لە 15ی شوباتی 2003 دا خۆی نواند. ئەم پشتیوانییە لە حاڵێکدا بوو کە بۆ نموونە دانییل میتێران لە فەرەنساوە بە نامەیەکی زۆر سەریح و شەففاف داوای لە سەرانی هەر دوو حیزب کردبوو خۆ لەو هەڵەیە بپارێزن! دانییل میتێران کەسێك بوو کە بەتایبەت بۆ دیفاع لە چارەسەری سیاسی کێشەی کورد زۆر بەناوبانگ بوو. ئایا گوێ ڕاگرتنی سەرانی دوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێم بۆ داوای کەسێکی وا و خۆدابرین لە شەرەنگێزی ئەمریکا بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی سیاسی لە چارەسەری کێشەی کورد کاریکی پرر قازانج نەدەبوو؟ ئایا ئەم ڕاستیە جارێکی تریش ئەوە ئیسپات ناکا کە مەبەست و ئامانجی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد بەشدار بوونی خۆیانە لە دەسەڵاتدا نەوەك چارەسەر کردنی کێشەی کورد؟

دووهەم، لکاندنەوەی ناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان بە "دەوڵەت"ی مەرکەزییەوە بەبێ پرس کردن بە خودی خەڵك. ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە لە لایەکەوە بە ڕووخانی ڕژێمی بەعس، حیمایەتی هاکەزایی بریاری ژمارە 688ی ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر هەرێم لا دەچوو بەبێ ئەوەی شتێکی تری لە جێ دانرابێ، لەولاشەوە بەرپرسانی ئەمریکا قەت قسەیەکی ڕوونیان لەسەر چارەسەری کێشەی کورد بەدەستەوە نەدابوو و تا ئێستاش نەیانداوە. تەواوی پاساو و پاکانەی دێباجە و سەرجەم پرۆژەی دەستووری هەرێم ئەوەیە کە "دەستووری فیدراڵی" دەسکەوتێکی یەکجار گرنگە!! بەڵام ئەمە خۆشباوەریەکی بنبەتاڵ و یەکجار خەتەرناك دەرخوادی خەڵك دەدا کە دەتوانێ موسیبەتی زۆر گەورەی بەدواوە بێ. فیدراڵی جیا لەوەی کە پرۆژەیەکی کۆنەپەرستانەی عیرقی و مەزهەبیە، پرۆژەیەکی زۆر غەیرە واقیعیشە لە عێراقدا کە بە هیچ جۆر سەرکەوتن بەدەس ناهێنێ و لە ڕاستیدا هەر ئێستا شکست و فەشەلهێنانەکەی زۆر بە ئاشکرا دیارە.

## ٤- دێباجه و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد

دێباجە لەم بوارەشدا دەیەوێ مێژوویەکی بە تەواوی پێچەوانە دەرخواردی خەلکی کوردستان بدات. دەڵی " هەر کاتێك ترووسکەی هیوایەك هاتبێتە ئاراوە، سەرکردەکانمان دریغیان نەکردوە لە دەست درێژکردن بۆ ئاشتی. بەلام ئەو فەرمانرەوا یەك لە دوای یەکانەی هاتنە سەر تەختی حوکمرانی، هەمیشە پیشەیان جاریك ستەم و جاریك پاشگەزبونەوە بوو لە بەلێنەکانیان".

دێباجە پێی وایە مێژووی دووردرێژی ساتو سەودای ناسیونالیزمی کورد لەگەل دولەتانی مەرکەزی بە کیشەی کوردەوە لە پیناو شەریکبونەوەی خۆی لە دەسەلاتی سیاسی، دەکرێ بەم سادەییە ئاوەژوو بکریتەوە و لە خەتایەکی گەورەوە بگۆردریت بە فەزلیکی گەورەی ناسیونالیزمی کورد بەسەر خەلکەوە. هیچ گومانو لە هەمان کاتدا هیچ گلەییەك لەوە ناکریت کە دەولەتە مەرکەزیە سەرکوتگەرەکانی عیراق، هەمیشە سیاسەتیکی شۆڤینیستیو سەرکوتگەرانەیان لە دژی خەلکی کوردستان بەریوە بردوە. زۆر جار بە ئاگرو ئاسن ئەم سیاسەتەیان بەریوە بردوە و هەرکاتیش وای پیویست کردبیت بە سیاسەتی فریودان دەورانیکیان بەسەر بردووە.

بەلام تۆمارکردنی دەوری ئەوە بۆ ناسیونالیزمی کورد کە گوایە "هیچ دریغی نەکردوە لە دەست دریژکردن بۆ ئاشتی" گەلیك فریوکارانەیە. لە راستیدا ناسیونالیزمی کورد عاملیکی زۆر سەرەکی بووە بۆ چوونەپیشەوەی نەخشەی فریوکارانەی دەولەتە مەرکەزیەکان لە دژی خەلکی کوردستان. ئەوان لە پیناو ئەوەدا کە شتیك بە خۆیان ببریت، سەرباری زانینی مەرامو نیەتی چەپەلی ئەو دەولەتە مەرکەزیە سەرکوتگەرانە، چەندین جار خەلکیان بە فریوکاریەکانی ئەو دەولەتانە چەواشە کردوە (ئیستاش هەر خەریکی ئەو مامەلە دزیوەن!). ئەمە سات و سەوداسەکی زۆر ئاشکراو هەرزان بووە کە ناسیونالیزمی کورد بە مەسەلەی کوردو چارەنوسی خەلکی کوردستانەوە کردویتی نەك دەست دریژکردن بۆ ئاشتی.

زۆر جار ئەم ساتو سەودایە ئەوەندە ئاشکراو بی پەردەبووە کە پیشمەرجەکەی ئەوە بووە بالیکی بزووتنەوەی کوردایەتی لە پیشدا شەری بالەکەی تری بکات و لە مەیدان و لەشەر لەگەل دەولەتی مەرکەزی دوری بخاتەوە. بۆ نمونە ساتو سەودای سالی 1983ی نیوان یەکیتیو رژیمی بەعس، پیشمەرجەکەی شەر و کوشتاری بەرەی "جود" بوو لە قەرناقە و پشت ئاشان کە میژووە خویناویەکەی بە چەندین شیوە نوسراوە. بۆیە ئەم میژوودارشتنەی لە دیباجەدا نیشاندراوە ئەوەندە پوچ و بیناوەرۆکە، کە ئەگەر تۆزیك لەو فۆرمۆلەبەندیە گشتیانە واوەتر بروات، خودی داریژەرانی دەکەونە سەروپۆتەلاکی یەکتر. بۆ نمونە مفاوەزاتی 1983 کە لە روانگەی بەشکیانەوە هەولی ئاشتیخوازانەیە بۆ چارەسەری کیشەی کورد، لە روانگەی بەشیکی ترەوە خیانەتیکی گەورەیە لە مەسەلەی کورد. داستانی 66و 31ی ئاب کە رەفقەمەکانیشیان لە کوردستان نیمچە مەمنوعیکە، هەر بەوجۆرەن. واتە بۆ لایەکیان هەولی ئاشتیخوازانەو بۆ ئەوی تریان خیانەتی گەورەیە. بەلام ئیستا هەموو لایەك لەسەر ئەوە ریککەوتون کە بۆ بەرژەوەندی ئەمرۆیان بەو چەند رستە بی ناوەرۆکە، سەرجەم ئەو میژووەی کە هەر بەشیك بۆ لایەکیان خیانەتو بۆلایەکەی تریان "شیوەیەکی تری خەباتە"، بکەن بە مەدالیای هاوبەشی سەرسنگی هەموویان.

لە راستیدا بزووتنەوەی کوردایەتی بە دریژایی میژووی خۆی لە بازنەی "شەر-مفاوەزە- شەر"دا خولاوەتەوە. ئەمە هیچ پەیوەندیەکی بە ئاشتی خوازیەوە نەبووە. بەلکو نەریتی ئەوان هەر ئەوە بووە کە هەر دەورەیەك شەر بکەنو خەلکیکی زۆر بە کوشت بدەن و بەم جۆرە فشاریك بۆ رژیم بهینن، بۆ ئەوەی ناچار بی لەگەلیان بسازیو ئیمتیازیکیان پی بدات. هەمیشەش ئیمتیاز بۆ ئەوان لەسەر حسابی مافو ئامانجەکانی خەلکی کوردستان بووە و ناسیۆنالیزمی کورد بە ئەنقەست وای لە خەلك گەیاندوە کە ئەمجارەیان ئیتر "میری" ئامانجەکانی

خـەلكی كوردسـتان مـسۆگەر و دەسـتەبەر دەكات و تەنانـەت هـەوڵی زۆری داوە كـە ماهیـەتی سـەركوتگەرانەی رژیـم لای خـەلكی كوردسـتان بگۆریت.

ئەم مێژووە كە دیباجە لـە دوو سێ دێـردا زۆر سادە بـە هەلگەراوەیی دایرشـتووە، ئەگـەر بەشـیكی ئـەوە نیـشاندەدات كـە سـەركردەكانی بزووتنەوەی كوردایەتی بۆ مەرامـەكانی خۆیـان سات‌وسـەودایان بـە مەسـەلەی كـوردەوە كـردووە، ئـەوە لایـەنیكی تـری نیـشاندەری ئەوپـەری ناكارامەیی‌و لینەوەشاوەیی سەركردایەتی بزووتنەوەی كوردایەتیە. خـودی ئـەوەی كـە پیلانـەكانی دەوڵـەتانی مەركـەزی لـەم دیباجەیـەدا بـە "تروسكەی هیوا" ناوبراون، بەلگەی راستی ئەم قسەیەیە. ئـەم سـەركردانە ئەوەنـدە كـورت بـین‌و ئەوەنـدە لینەوەشـاوە و ئەوەنـدە گـیرۆدەی نـەبونی سـتراتیژیكی سیاسـی رۆشـن و كارسـازن بـۆ ئامانجـەكانی خۆیـان، هەمیـشە چـاوە چـاوی ئـەوەیان بـووە كـە دەوڵـەتی مەركـەزی بـە "تروسـكە"یـەك دەعوەتیـان بكـات بـۆ موفـاوەزە. لـەم یاریەشـدا هەمیـشە ئـەوان كەوتونەتـە بۆسـەی دەوڵـەتی مەركەزیـەوەو ئاكامەكـەی بـە زەربەخواردنی خۆیان تەواو بووە. بۆ جاریكیش نەیانتوانیوە لەم یاریە سیاسیەدا گـرەو بەرنـەوە. ئیـستاش دەیانـەوێ وا نیـشانبدەن كـە ئـەو یاری‌و سات‌و سەودایانە، تروسكەی هیوا بوونەو سەركردەكانی ناسیونالیزمی كوردیش دریغیان نەكردوە لە دەست دریژكردنی ئاشتیخوازانە.

**لە كۆتایی ئەم بەشەدا:**

ئەگەر قسە لەسەر ئەوە بێ كە مێژووی رابردوو دەرسی بۆ حاڵ و بۆ دوارۆژ لێ وەر بگیرێ، رخنە لە مێژوو گۆرینی دێباجە و دەرخـستنی مێژووی راستەقینەی قۆناغی پاش 1991 (بەتایبەت ئیستا بەلەبەرچاو گرتنی راپۆرتی بەیكر- هەمیلتن) دەتوانێ ئەو دەرسە بـۆ دەسـەڵاتی هەرێمی كوردستان بەرجەستە بكاتەوە كە كاتی ئەوەیە هەرچی خێراتر و جددی تر خۆ لە سیاسـەت و سـتراتیژی ئـەمریكا دوور بخەنـەوە و گوێ لە خواستی واقیعی خەڵك رابگرن كە سالی رابردوو لە "ریفراندۆم"ی نارەسمی پاڵ "هەڵبژاردن"دا بە رێژەی سەرووی 95٪ دەنگیان بۆ سەربەخۆیی داوە.